عەبدوڵڵا سەمەدی

## تۆ مەزنی

دڵی من وەکوو گوڵدانێکە، دەمەوێ گوڵی خۆشەویستیی تۆی تێدا بنێژم و لە لای ژووروو، لە جوانترین شوێنی هۆدەی جەستەکەما، لەبەرچاوان، لە سەر هەیوان دایبنێم و خۆ بنوێنێ. هەر میوانێك ڕووی کردە هۆدەکەم، بە ڕازاوەیی و شەنگییا چاوەکانی بلاوێنێ.

بەڵام خۆشەویستیت دارێکە بە تەمەن و ڕەگ و ڕیشە و بە لك وپۆ. گەورە و بڵاو، هەزاران بەهار و پایزی دیوە. لە گوڵدانی بچووکی دڵی مندا جێی نابێتەوە.

ئەم پارچە دڵە هەر بۆ ئەوە دەشێ وەکوو گەڵایەك بە لکێکتەوە هەڵواسرێ و سروەی بەیان، کزەی ئێوار، بیلاوێنێ. لە بەهارێکی تەمەنتا، تەڕ و پاراو، سەوز و زیندوو سەما بکا و لە پایزێکی تەمەنتا وشك و ڕەق و چرچهەڵاتوو وەکی دڵۆپێك فرمێسك، هەڵوەرێت و بکەوێتە بەر پێت. خۆشەویستیت دەریایەکە لە پیاڵەی بچووکی دڵی مندا جێینابێتەوە. ئەم پارچە دڵە هەر بۆ ئەوە دەشێ وەکوو دڵۆپێك فرمێسك بتکێتە نێو ئەم دەریایە.

دڵدارەکەم! تۆ مەزنی، هەندی خۆشەویستیت. تۆ سەدان زنجیرە چیای، هەزاران کێوی سەربەرزی ، بە دەریاتەوە، بە گۆلەکانتەوە، بە ڕووبارەکانتەوە، بە کانیاو و دارستان و ئاسمان و هەور و شار و گوندەکانتەوە. ئەم پارچە دڵە هەر بۆ ئەوە دەشێ تەنیا کانییەك بێ لە پێدەشتێکی سەرسەوزت، هەروا دڵۆپدڵۆپ بزێتەوە و بزێتە ناو چیمەن و مێرگی زەمەندت. بخزێتە ناو درز و کەلێن و قوژبنی خاك و خۆڵ و دار و بەردت. ئەم پارچە دڵە هەر بۆ ئەوە دەشێ وەکوو گڵمەتێك فڕێ درێ لە سەر خاکت. بەفروباران بیشواتەوە و بتوێتەوە. هەتاوی هاوینت وشکی کاتەوە و بە دەم باوە بسووڕێتەوە. بۆ ئەوە دەشێ پرزۆڵەکانی لێکهەڵوەشێ و ببێتە میلیۆنەها پرزۆڵە دڵ، بست بە بستت داپۆشێ و لە کوتان و لێدان نەکەوێ.